# سوڵتان هاشم بێتاوان یان پاڵەوانی ئەنفال‌و کورد کوشتن؟



پێنجشەممە 15.03.2007
دەرسیم دیبەگەیی
Darsim2006@hotmail.com

خاڵێکی زەقی هاوبەش لەنێوان سەرکردایەتی کوردو عارەبە شۆڤینییەکانی ئێراقیدا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە هەردوولایان کۆکن لەسەر داکۆکیکردن‌و ئازادکردنی گشت تاوانبارە شۆڤینییە بەعسییەکان لەتاوانەکانی ئەنفال، کۆمەڵکوژی کورد، کاولکردنی شارو دێهاتەکان، لەناوبردنی سامان‌و سروشتی کوردستان، کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو شوێنەکانی تری کوردستان.
کاتێک کە سەرکردە عارەبە شۆڤینییەکان داوای ئازادکردنی تاوانبارێکی وەکو (سوڵتان هاشم)ی کۆنە وەزیری بەرگری سەددام دەکەن، سەرکردایەتی کورد لەبری ئەوەی وەڵامێکی توندی ئەو شۆڤینییانە بدەنەوەو هەموو بەڵگەنامەکان بخەنەڕوو یان تاوانەکانی ئەو تاوانبارەیان پێ بڵێن، کەچی یان خۆیانی لێ بێدەنگ دەکەن یاخود دەنگیان دەخەنە پاڵ دەنگی ئەو عارەبە شۆڤینییانە بۆ ئازادکردنی تاوانبارانی وێنەی سوڵتان هاشم، خەزرەجی‌و سامەڕائی.
سوڵتان هاشم، ژمارە (8) بوو لە لیستی ئەو (55) تاوانبارەی سەرانی بەعس کە داواکرابوون لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکی. ئەو لەساڵی (1987-1.4.1988) فەرماندەی فەیلەقی (6) بووە، دواتر لە (1.4.1988-1989) فەرماندەی فەیلەقی یەک بووەو، بەگوێرەی دانپێدانەکانی خۆی سەرپەرشتی‌و بەشداری ئەنفالەکانی (1، 3، 4، 5، 6، 7و 8)ی کردووە. لەساڵی (1989-1995) یارمەتیدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئێراق بووە، هەر لەو ساڵە بۆتە سەرۆکی ئەرکانی سوپاو، دواتر لە تەمموزی هەمان ساڵ (1995-9.4.2003) وەزیری بەرگری ئێراقەکەی سەددام بووە. ئەو تاوانبارە لەڕۆژی پێنجشەممە (18.9.2003)دا لەڕێگای (سەبری بۆتانی)، یەکێک لەبەرپرسانی لقی (موسڵ)ی پارتی دیموکراتیی کوردستان‌و (داود باغستانی) بەرپرسی مافی مرۆڤی ئێراقی-موسڵ، خۆی رادەستی (جەنەراڵ دێڤید پاترۆس)ی فەرماندەی تیپی سوپای ئەمەریکی لەموسڵ کردەوە.

کاتی خۆی (غازی عجیل یاوەر)ی سەرۆک کۆماری کاتی ئێراق، لەدیمانەیەکدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی (العربیە) داو، کە دواتر لە (22.1.2005)دا لەماڵپەڕی ئاژانسی دەنگوباسی ئێراقیدا بڵاوکراوەتەوە، لەوەڵامی پرسیارێکدا، دەربارەی فەریق روکن سوڵتان هاشم، کە ئایا راستە ئەو بێتاوان دەردەچێت؟ یاوەر بەمشێوەیە دێتە وەڵام: (من خۆم لەهەوڵێکی بێوچاندام بۆ دەرکردنی لێبوردنێک بۆ سوڵتان هاشم، کە هیچ بەڵگەیەک لەسەر تاوانبارێتی ئەودا نیە، لەبەر ئەوەی سوڵتان سەربازێکی کارامەو رێزدار بووە، لەلایەن زۆربەی لایەنە ئێراقیەکان‌و، هیچ ناڕەزاییەکی لەسەر نەبووە، نە لەلایەن برا کوردەکان، وە نە لەلایەن شیعەو سوننەش. ئەو بەباوکی سوپای ئێراق دادەنرێت. باشترین رێگاش بۆ کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لەگەڵ رۆڵەکانی سوپای پێشووی ئێراقی ئەوەیە سوڵتان ببەخشرێت‌و، فەرمانێک دەرچێت بۆ وەستاندنی هەنگاوەکان لەدژی ئەودا، سوڵتان شایەنی ئەوەیە بەڕێزو ستایشەوە رەفتاری لەگەڵدا بکرێت).

هەروەها لەوەڵامی پرسیارێکی تردا یاوەر زۆر بێشەرمانە دەڵێت : (هیچ بەڵگەیەک لەسەر تاوانبارێتی سوڵتان هاشم نیە). کاتی خۆی وەڵامی ئەو شەکر شکاندنانەی یاوەرم داوەتەوەو، بەچەندین بەڵگەنامەی فەرمی روونمکردۆتەوە کە تاوانبار سوڵتان هاشم یەکێکە لە تاوانبارە سەرەکییەکانی جینۆسایدکردنی نەتەوەی کوردمان، بۆیە چەند بەڵگەیەکی نوێ دەخەمەڕوو.

رۆژی چوارشەممە (7.3.2007)، زۆر لەئاژانسو کەناڵە ئاسمانییەکان باسی ئەوەیانکرد کە (ئەیاد عەلاوی) لەڕابردوودا نامەیەکی ئاراستەی دەسەڵاتدارانی ئێراقیو ئەمەریکی کردووەو، ناوبراو لەنامەکەدا داوای ئازادکردنی تاوانبار (سوڵتان هاشم ئەحمەد ئەلجبوری) وەزیری بەرگری سەددامی کردووە. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە نە سەرکردایەتی نە بەرپرسێکی کورد، وەڵامی ئەو داوایەی (عەلاوی)یان نەدایەوە، سەرەڕای هەبوونی ئەو هەموو بەڵگەنامانەو دانپێدانەکانی تاوانبار خۆی بە سەرپەرشتیکردنی شاڵاوەکانی ئەنفال، کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، راپێچکردنی دانیشتوانی دێهاتەکان بەرەو گۆڕە بەکۆمەڵەکانو کاولکردنی دێهاتەکانیان، ئەمانە وەکو تاوان رووبەڕووی کراونەتەوە! ئەگەر سوڵتان هاشم ئەو تاوانانەی کە بەرامبەر بەکورد کردوویەتی بەرامبەر شیعەکان ئەنجامی بدایە، ئەوکاتە بەدڵنیاییەوە شیعەکان بەکۆمەڵ بەدەنگ دەهاتنو وەڵامی دەمشکێنانەی (عەلاوی)یان دەدایەوە! ئاخر عەلاوی کەداوای ئازادکردنی سوڵتان هاشم دەکات، ئەو باش دەزانێت ناوبراو تاوانبارەو بەشداری ئەنفالو کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو کاولکردنی دێهاتەکانی کوردستانی کردووە، بەڵام ئەو ئەوکارانە بەئەرکی سەرشانی خۆیو گشت عارەبێکی ئێراقی دەزانێت!

یەکێک لەشایەتەکانی دژی ئەو (خالد ساجت ئەلجەنابی)یە کەباسی ئەوەی کردووە سوڵتان هاشم یەکێک بووە لەئەندامانی ئەو دەستەییەی کە بڕیاری هێرشی کیمیاوییان داوە لەدژی شاری هەڵەبجە. هەروەها عەلی حەسەن مەجید لەدانپێدانانەکانی خۆیدا دەڵێت: (بەر لەلێدانی هەڵەبجە، سوڵتان هاشم ئاگاداری تەواوی وردەکارییەکانی هێرشکردنەکەی سەر ئەو شارە بوو). سوڵتان هاشم خۆیشی لەیەکی لە لێکۆڵینەوەکاندا کە لە (20.3.2005)دا بەئامادەبوونی پارێزەرەکەی خۆی (شەلال عەبد خەمیس ئەلڕوبەیعی) لەگەڵیدا کراوە دەڵێت: (دوای ئەوەی شاڵاوی ئەنفالی یەکم بەسەرکەوتوویی ئەنجامدا، سەددام حوسێن خەڵاتی کردم بەوەی کە یەک (مەدالیای ئازایەتی) پێ بەخشیم، ئەو خەڵاتکردنەشم لەبری ئەو ئەرکەم بوو کە وەکو تاکەکەس جێبەجێم کردبوو). ئەوانەی سەرەوە هەمووی دەیسەلمێنن کە سوڵتان هاشم سەرپەرشتیو بەشداری چالاکانەی ئەنفال، کۆمەڵکوژی، کاولکردنی دێهاتەکانو کیمیابارانی هەڵەبجەو کوردستانی کردووە.

تاوانباری ناوبراو، جگە لەو خەڵاتکردنەی ئاداری ساڵی (1988)، بۆ جاری دووەمیش لە (18.7.1988)دا بە چوار (مەدالیای ئازایەتی) لەلایەن (سەددام)ەوە خەڵات دەکرێت لەپاداشتی جینۆسایدکردنی نەتەوەی کوردو دانیشتوانی کوردستاندا. ئەو بەڵگەنامەیەش لەخوارەوەدا دەخەمەڕوو. بەڵام دوا قسەم ئاراستەی ئەو کوردە سەرلێشێواوە دەکەم کە کاتی خۆی سەبارەت بە سوڵتان هاشم گوتی: (ان لم نكن واثقين من براءة سلطان هاشم لما تدخلنا في قضيته. سلطان هاشم كان محبوبا لدى جميع العراقيين عربا واكرادا وسنة وشيعة ومسيحيين. وان القادة الاميركيين وعدوا بمعاملة احمد باحترام لانه لم يرتكب اية جرائم). ئایا تائێستاش هەر پێی وایە سوڵتان هاشم بێتاوانە؟

بسم الله الرحمن الرحيم

مرسوم جمهوري

رقم (٧٧٢/آ)

تقديرا "للموقف القيادي المسؤول والشجاعة المتميزة التي ابداها اللواء الركن سلطان هاشم أحمد في الذود عن شرف الامة وكرامتها وعزتها ضد العدو الايراني العنصري في عملية الانفال الاولى وتحرير أراضينا الوطنية في عمليات ( محمد رسول الله ) ، واستنادا " الى أحكام المادة ( ٢٦ ) من قانون الاوسمة والانواط رقم ٩٥ لسنة ١٩٨٢.

رسمنا بما هو آت :ـ

منح اللواء الركن سلطان هاشم أحمد ، قائد الفيلق الاول أربعة أنواط شجاعة.

على وزير الدفاع تنفيذ هذا المرسوم

كتب ببغداد في اليوم الرابع من شهر ذي الحجة لسنة ١٤٠٨ هجرية
المصادف لليوم الثامن عشر من شهر تموز لسنة ١٩٨٨ ميلادية

صدام حسين
رئيس الجمهورية